# وەڵامێکی نەتەوەیی کراوەتریش بۆ نامەکراوەکەی بەڕێز عارف قوربانی.

ن/موحمەد گەلاڵەیی

زانکۆی سەلاحەددین _بەشی مێژووی کورد

MOHAMMAD_GALALAYE@YAHOO.CO.UK

ئەم چەند دێرە شیعرەی بەڕیز خوالێخوشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی کەڵە شاعێر و کەسایەتی بەرزی نەتەوەی کوردستان لە باشوری کوردستاندا پێشکەشە بەتۆی بەڕێز:

نە عارەبم نەئێرانیم

نە تورکێکی شاخستانیم

نەك هەرخۆم مێژووش ئەڵێ

کە کوردم و کوردستانیم.

ئەمە نامەیەکی نەتەوەیی کراوەترە بۆ بەڕێز."عارف قوربانی"کە بۆ بابەتەکەی ئەو .کەلە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) بڵاوکراوە لە رۆژی 2005/8/17ز لە ژمارەی "237 " لە لاپەڕە"15"ی هەفتەنامەکەدالە ژێر ناونیشانی (بەدیل کەرکوك, کەرکوك هەر خۆیەتی ).خستڕابووە ڕووی خوێنەران.

سەرەتاکە سەیری نامەکەی تۆم کرد ویستم بیخوێنمەوە ,دەمویست پێ بەشتێك بەرم بەلآم, وادەرنەچوو کە وامزانی نامەکە لە شێوەی نامە شیعریەکەی ,شاعیری گەورەی کلاسیکی نەتەوەی کوردە کە ئەویش (نالیە)یە کە بۆ هەردوو شاعیری نەتەوەی (سالم و کوردی )ناردبوو کە تێدا باسی کوردستان و میرنیشنەکانی کوردستانی و بەتایبەتی میرنشینی بابانی کردبوو, وە داوای پاراستنی نیشتمانی کردبوو لە دەست هێزە داگیرکەرانی دەوڵەتی عوسمانی وامزانی لە پایتەختی کۆنی تورکیایە, بەلام نەمزانی لە پایتەختی کورد تۆقێن بوو کە سەدان بڕیاری لە دژی نەتەوەیکوردی تێدا دەرچووە, نمونەش لەم بارەوەیەوە زۆرن.وامزانی نامەکە بۆ نوسەران و شاعیرانی کوردە لە کوردستانی باشوردا گەر سەرنەکەوتن لە ئێراقی عرووبەدا کە ئێستا سەرکردایەتیان لە بەردەوامی وتوێژکردن دایە لەگەڵ لە هەموو لایەنەکانی ئێراقی لەگەڵ لایەنە ڕاستەکانەوە تا دەگاتە لایەنە چەپەکان,ئەوا سەربەخۆی ڕابگەێنن کەدەوڵەتێکی نەتەوەی بنیات بنێن وە هەڵویست وەربگرن لە دژی کۆماری ئێرانی ئاخوندەیی کە چۆن ئەوبرایانەی ئێمەی لە کوردستانی رۆژهەلات دەچەوسێنێتەوەوە,وامزانی ناوەڕۆکی نامەکەت بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایتیە, بەلآم بەدیار کەوت کە کەپ کردنەوەی هەستی نەتەوایەتیو بونی گەلی کوردە بە پاشکۆی دەوڵەتی تورکیاکەمالیستی , لەناوچونی هەموو کایەکانی کۆمەلگەکەمانە لە ناو کۆمەڵگای توندڕەوەی تورکی, وەتوانەوەیتی لەناو ئەو کۆمەڵگایە پاشکەتووەی تورکیا ,کەچی رێك پێچەوانەی خەونەکەی من بوو بابەتەکەت پێش ئەوەی من بیخوێنمەوە , کە دەرئەنجامەکەشی نامەکەشت بانگەوازی بۆ ئەوەدکات کەئێستا باشترین دەر فەتمان لە دەست دایە کە ئەو کارە بکەین ,بەلآم ناڵی وای نەنووسیبوو ووتبووی شاعێران وولاتپارێزان ئیستا باشترین دەرفەتە کە نیشتیمان و وولاتمان بە پارێزین و سەری بخەین, بالێرەدا زۆری لەسەر نەرۆینی من بەش بە حالی خۆم دەست خۆشیت لێدەکەم بە نوسینی ئەم نامە کراوەیە.کە ئاراستەی هەردوو سەرکردەی کوردت کردووبوو,لەهەفتەنامەی هاولآتیدا خستۆتە ڕووی خوێنەرانی کوردی لە کوردستانی باشوردا,لە سەر دواین گۆران کاریەکانی بارودۆخی کەرکوك و هێنانەوەی هاوکێشەیەکی ڕەخنەی بنیاتنەری کە جێگای دەست خۆشی و رەزامەندی بوو .بەلآم ئەنجامی هاوکێشەکەت خستەبووە ڕوو کە سەرنەکەوتنمان لە گفتو گۆکانمان لە گەڵ لیستی هاوپەیمانیەتی شیعە و سەرکردایەتیە سیاسیەکانی دیکەی ئێراقی بە هەموو چین و توێژەکانی ئەم وولاتەوە, کە بەم شێوەیە چارەسەری کێشەوقەیرانی ئیستای کوردستانی باشوورت بەم شێوەیە لێکدەدەیتەوە,هەنگاوەکانی ئەم چارەسەر بەمە دەردەخەی و نوسیوتە "ئەوا بەڕای من نەشەرم بکەن

و نەسڵبکەنەوە , هەر لەوێ ڕابیگەینن کە وەفدێك دەنێرینە تورکیا و موفاتەحەی دراوسێکانی ترمان دەکەین بە خۆمان بەو خاکە پڕ لە زێرەوە بەم مەرجانەدەمانەوێ لە گەڵتان بژین,ئەمە کورد واتەنی (ریسی عێراق دەکاتەوە بەخوری)"وە جارێکی تر دەست خۆشیت لێدەکەم وە لە چەند دێرەی کەدەنوسم رەخنە ئاڕاستەی جەنابی بەڕێزت دەکەم هیوادار بەبێتە نوسینێك کە بنیاتنەر و روونکردنەوەی ئەم رەخنە ولەلایەکی ترەوە لیکڎانەوەیەکی سەرپێیانە بۆ هاوکێشەکەی جەنابت بنووسین کە بەنمونەت هێنابۆوەوە.

سەر نەکەوتنی سەرکردایەتی کورد لە گفتوگۆکانی لەگەڵ لیژنەی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی وولأتی ئێراق و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی ئەو وولأتە, وەبەتایبەتیش لیستی هاوپەیمانیەتی شیعە و لەلایەکیش سونەکان کەدان بە هیچ مافێکی کوردا دانانێن لە کوردستانی باشوردا. بەمەش دەردەکەوێت کە کورد لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی کە خستیتە ڕوو لەماوەی دوو ساڵی ڕابردودا کە سیاسەتی ئاشتی و دیموکراسی و پەیڕەوەی کردنی (ڕێگای سازان) واتا"تەوافوف" کە بەدەردەکەوێت ئاوا سیاسەتێکی کارانەبووە,لە هەموو رووەکانیەوە کە بەبێتە هۆی کارا کردنی و بەدەست هێنانی گشت مافەکانی گەلی کورد لە ئێراقی عەرەبیدا. وە کاری دووە هەمیش بەدەر دەکەوێت کە لایەنی بەرامبەر کە شیعەکان و سونەکانن نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی تێگەیشتنەکانی واقعیەتی ئەمڕۆ, کە لە سیاسەتی ئەمڕۆی مۆدێرن کە ئەو ئەو زمانە بەکاردێت کە دیالۆگی کارایەیە,ئە وشتانەی ئەوان باسی دەکەن گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی وخۆیان باسی دەکەن لە هی سالانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەچێت ئەمە لایەك لە لایەکی ترەوە گەر ئێمە لەم هەموو خەباتی نانوەخۆیدا کە لە ئێڕاقی عرووبەدا کرددومانە سەرکەوتوو نەبووین هیچمان پێنەکرێت,لە ئەنجامدا ڕابکەین بۆ تازە دەست پێکردنی گفتوگۆ و کاری سیاسی و بەدەست هێنانی مافەکانمان لە گەڵ دەوڵەتی تورکیای کەمالیست ئەوا ئێمە دوو ئیدارەمان تێکەڵ نابێتەوە جا چۆن لەگەڵ تورکیادا رێکبکەوین و جارێکی تر گوتار یخۆمان بگۆرین لە برایەتی دۆزنانەی عەرەبی بۆ گوتاری برایەتی تورکی سەردەست لە سەر خاکی کوردستاندا,بەڕێز" کاکە عارف قوربانی" ماوەی چەند مانگێك لەمەو بەر هاونیشتمانیەکی باشووری کوردستان کە دانیشتووی وولأتانی ئەسکەندەنافیایە ویستی بەڕێگای وولأتی تورکیا بێتەوە بۆ کوردستانی باشوور ئەم وولأتە رەتی کردەوە کە هەر کەسێك ناوی کوردستان بێت ناتوانێت بێتە ناو خاکی دەوڵەتی تورکیای سەر دەست کە ئەم وولأتە نەی هێشت" خانمە کوردستان بە خۆی ومنداڵەکانی " کە خەڵکی (قەزایی زاخۆیێ) بوو سەر بە پارێزگای (دەهۆکێ دەلال) بە فڕۆکەی تورکیا بێنەوە بۆ باشووری کوردستان کەچی بیلیتی فرۆکەشیان بڕیبوو ,ئەمە وولأتێك کە داهاتووی ژیانێکمان بۆ دابین دەکات لەژێر سایەی کۆمارە دیموکراتیەکەی کە کۆماری دیموکراتی ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ماکیاڤیلیش ئەوا ژیانی ڕەفاهیەت دیموکراسی وا بۆ تاکەسی کۆمەڵگاکەیان دابین ناکەن.؟! ئەمە کۆماری دیموکراتی لە تورکیا کە لە ناوی کوردستان ئەوا هەراسان بێت ئەی چۆن لە هاتنە سەری بەشێکی تری خاکی کوردستانی باشوور ناتۆقێت بەڵکو دەشمان تۆقێنێت؟! لەلایەکی ترەوە گەر لێنەگەڕا کەسێك کەناوی کوردستانە بێتە ناو خاکی تورکیا ئەی چۆن بەیانی جەنابت بەخۆو ئەم هەموو ناوەی کوردستانی باشوور کە لەسەد ماڵدا کەسێك هەیە بەناوی کوردستان جا ناوی ئەوانەش بە گۆرین بۆ ناوی تورکستان.؟ !دیارە جەنابی بەڕێزت تائێستا نەت زانیوە کە دەوڵەتی تورکیای هەر لەسەردەمی کەمال ئەتاتورکەوە کە بڕیاڕی بەسەر هەمووکوردستانی باکوردا سەپاندوە, وەتا ئەمڕۆ باری نائاسایی وولأتی لەسەر کوردستانی بەردەوامە کە لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید پیران کە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی 1925ز هەڵگیرسا,تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە ئەم بارە نائاسایە کە هەموو ساڵ و رۆژێك نوێ دەکرێتەوە. ئەوا گەر هاتوو ئێمەش چووین ئەوا نازانی کە دەستەڵاتی کوردستانی باشور بە (یەکێتی و پارتی ) وە.زیاتر لە سەد هەزار پێشمەرگەی کوردستانیان هەیە, ئەدی ئەو کات تورکیا هەڵوێستی چۆن دەبێت وەڵامی ئەو بۆ ئێمەی کورد چیە ؟بەلأم با وەلأمەکە لای جەنابێت تۆ وەلأم بدەرەوەو.لایەکی ترەوەجەنابت باس لەورێژەی دانیشتوان دەکەیت گەر خوانەخواستە بچینە ناو کۆماری تورکیا دیموکرات ئەوا کورد لو وولأتی تورکیای کەمالیست دەبێتە 35٪ دانیشتوانی ئەو وولأتە پێك دینین ..!!برای بەڕیز هەرنەتەوەیەك کە بگاتە

ئامانجەکانی خۆبەپێك هێنانی ڕێژەی نیە ..بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر دان نان بە مافە ڕەواکانی ئەو گەلە لە چوارچێوەی ئەو وولأتەدا.بەڵگەش بۆئەم جۆرە قسیە زۆرن وەکو شیعەکانی خوارووی ئێراق کە هەشتا ساڵ بوو لە دەرەوەی کاری سیاسی و دەستەڵاتەوەبوون کە زیاتر 50٪ دانیشتوانی ئێراقیان پێك دەهێنا.جا چۆن نەتەوەیەکی وەکو ئێمەی کورد لەگەڵ تورکیا دەگەین بە ئامانجەکانمان کورد لە کوردستانی باکورد,وە35٪دانیشتوانی تورکیا پێك دێنن ,جەنابت بەچ بیرکردنەوەیەکی سەردەمیانە و کوردیانە دەڵێت"ئەوا بەڕای من نەشەرم بکەن و نەسڵبکەنەوە , هەر لەوێ ڕابیگەینن کە وەفدێك دەنێرینە تورکیا و موفاتەحەی دراوسێکانی ترمان دەکەین بە خۆمان بەو خاکە پڕ لە زێرەوە بەم مەرجانەدەمانەوێ لە گەڵتان بژین " باشە ئەوان بە چ مەرجێك ئێمە قبوڵ دەکەن بەمەرجێك کە بەتورکبین پاش ئەوەی کە بە عەرەب

کراین و کیمیا بارانیش کراین,وەگەورەترین مەترسیە کە خۆمان تەسلیمی ئیرادەی دەوڵەتی تورکیا,وە ئەم بیرکردنەوەی بەڕێزت هی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەمە کە سەرۆك میرنشینە کوردیەکان ئەم کاریان دەکرد گەر ریك نەدەکەوتن یاخود کێشیان پەیدا دەبوو لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی مەزهەب شیعە ئەوا پەنایان دەبردە بەر دەوڵەتی عوسمانی سوننە مەزهەب کە ئەمەش بیر کردنەوەیەکی زۆر خەراپ بوو, ئەو کاتی بۆ بزوتنەوەی میرنشینی لە کوردستاندا بۆ نموونەش میرنشینی سۆران یەکێکە لەو میرنشینانەی کە پەنای برد بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە لە ئەنجامدا سەری سەرۆك میرنشینەکەش تێچوو کە تا ئێستاش لەگەڵدابێت کەس گۆرەکەشی پێنازانێت.بەمەش زۆر لەمێژوونوس و کارناسانی سیاسی دەڵێن"کاکە ئەو کاتی ڕێکخراوێی وەکو((UN نەبووە کە رێی لە پێشلێکاریەکانی مرۆڤایەتی بگرتایە,بەڵێ ئەمە ڕاستە کە تائێستا دەبینین کە ئەم ڕێکخراوە هیچی بۆ کورد نەکردووە ئەوا سەیر کەن, کەلە کوردستانی باکور دەولەتی تورکیا چەکی کیمیای بەکاردەهێنێت بەرامبە بە هاونیشتیمانەکانم لە پارچەیەکی تری کوردستانی داگیرکراودا. جا چۆن من بچمە ژێر دەستەلاَتی دەوڵەتێك کە تا ئەو ساتەچەرکەیە چەکی کیمیای بەکاردەهێنێت بەر امبە بە گەریلاکانی شۆرشە گەورەکەی کوردستانی باکور, وە سەرباری ئەوەش هێشتا ئەم پارچەی کوردستان رزگار نەکراوە وە هیچ مافێکی سروشتی سەرەتاین نەدراوەتێ کە پێان دەڵێن تورکە شاخیەکان .کە جەنابت وادەدەنێ ئێمە چەندان ساڵە گفتوگۆ دەکەین ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندیە, کە دوای وامان لێ دێت لە بەرامبەر تورکیا کە هەر بەمیوانی سەفەر کەریش قبولمان ناکەن .جەنابی بەڕێزت ئاماژەی دەکەی بەوەی کە بچینە ژێر باڵی دەوڵەتێکی دیموکرات وبۆخۆمان بێ خەم دەبین بەلاَم وادیارە بەڕێزت بێئاگایی لە بارودۆخی کوردستانی باکور وشۆرشەکەی کە نازانی ئەوانە ڕۆژانە چ جۆرە سوکاتیەکان پێ دەکرێت لە سەر خاك و نیشتیمان و ماڵی خۆیان ,لە ڕێگای بەرپاکردنی شەری "تایبەتە"وەلەلایەن دەوڵەتی تورکیای کەمالی تائێستاش ئەو کۆمارە دیموکراتیەی باسە دەکەی کەداهاتوویەکی گەشی ئێمەی لەدەست دایە,گەر بچینە ژێربالّی ئەوحکومەتە..!!من چۆن بێمە ژێر باڵی وولاَتێك کە لەسەر هەموو دەروازەکانی شارەکانی کوردستانی باکوری نوسیویانە (خاکی تورکان بۆ تورکانە) ئەی گەر ئێمە بچینە ناو ئە دەوڵەتە داگیر کەرەو چ ووتەیەك لەسەر دەروازەی شارەکانی ئێمەدا دەنوسێت وە هەڵبەتە بەبیرو ڕای من تورکیای کەمالیست دەنوسێت "ئەمە خاکی تورکمانانە بۆ تورکمانانیشە" ئەمەش بەلگە لەسەر تورکیا کە چەندان جار سازشی کردووە لەسەر بە تورکمانبوونی شاری (کەرکوکی داگیر کراو)دا کاك عارف من چۆن بێمە ژێر پەرچەمی وولاَتێك کە سەدان کوردی کوشتوەوشوێن بزرکراوە ,کە بەهەموو شێوەیەك کاری (جینۆسایدی بەکارهێناوە لەدژی گەلەکەمان لەکوردستانی باکوردا,هەتا جێنۆسایدی جنسیشی گرتۆتەوە) ئەم ولاّتە دیموکراتیەی جەنابت باسە دەکەی تا ئێستا پتر لە (4000_5000) گوندی کوردستانی باکوری روخاندووە وە خەڵکەشی ئاوارە کردووە, بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ و کوردستانی باشوور (لە قەزای مخمور نیشتەجێن )وە هەندێکشیان بۆئەرمێنیا و ئەوروپای رۆژئاوا ڕۆویشتوون. پێویست ناکات کاك عارف زۆر لەسەری بنووسم ,وەکو ئەوەندە نموونەی بۆم هێنایەوە سەدان نموونەی تریش هەن,کە خۆت لە تورکیای پێدیڤیە کەسەردانێکیی کوردستانی باکوریش بکەی لەوێدا هەمووشتێتکت بۆ بەدەر دەکەوێت ئەنجامێکت بۆ دەردەچێ گەر ئەم ئەنجامت بەدڵ بوو یان نە ,وە تۆش بانگەوازێك بکەبا "ریفراندۆمیکش" لەسەر داخوازیەکەی تۆش بکەین.!!هیوادارم جەنابت بەو ئاخافتنانەی ئۆردوگانێکی تورك پەرست هەڵ نەخەڵتێیَ,وە زۆر بەئاگابە هەست بەمەترسی بکە لەو ئاخافتنەی وان..؟! کە لەبەرامبەر دۆزا کورد دێنەکرن بۆ نمونەش ئەتاتورکی بوکیان ئەوا فێڵی لە شێخ سەعیدی پیران کردووە,وەخەڵك سەرکردەی شۆرشەکەی خەڵتانی خوێنی کردن هیچ داواو مەرجێکی چ لەپێش هەڵگیرسانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و وەچ لەکاتی شۆرشەکەشدا وە پاش شۆرشەکەش هەر نەی هێشت کورد سەر هەڵبدات وەکو شۆرشەکەی(پیرانی) تازە بەتازە دێن دەڵێن کێشەی کورد هەیە لە تورکیا کە لەهەمان کاتیشدا دەڵین (کیشەی کورد کێشەی منە) کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئۆردوگان لەشاری ئامەدی کوردستانی باکور ,وای ووت کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێیانەوایە ناساندنی کێشەی کوردە لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ,وە لەناو خاکەکەی و وەئەو وولاّتەی کەتێشدا دەژی بەزۆرەملێ,کەکێشەی کورد دەکرێت کێشەیەکی تاکەکەسی بێت.کەئەوتاکەکەسەش (ئۆردۆگانیی) تورکپەرستە.چۆن دەبێت کێشەی بیست وپێنج میلۆنی کورد لە کوردستانی باکور دەستەلاّتێکی باڵدەست و جێبەجێکەری دەستەلاّت لەو وولاّتەدا بە کێشەی کورد خۆی دەناسێنێت..!! کە ئەمەش هەرگیزاو هەرگیز هاتنەدی سەرکەوتنی کورد و کیشەکەی نیە رۆژهەلاّتا ناڤیندا . بەیانیکەسێکی وەکو (بلّند ئەجەویدێکی ) سالاّنی نەوەدەکانی,لەسەدەی ڕابردوودێت ودەڵێت کێشەی کورد کێشەی میللەتی تورك نیە بەلّکو کێشەی ئۆردوگان بووە.کە ئێستاش ئەمە لە ئارادایە ئەم قسیە بێتە دی بە تایبەتی لە ناوپەرلەمانی تورکی بەتایبەتیش (پارتی کۆماریگەل(CHP_تورکیا کەدژی ئەو لێدوانەی ئۆردوگان ڕادەوستن .؟کەچی کیشەی کوردیش کیشەکە بە تەواوی نە گیشتێنروەلەناودەوڵەتی تورکیا کە یەکێکی وەکو"دەنیز بایکالّ" سەرۆکایەتی ئەم گروپەی ناو پەرلەمان و ئەو پارتە توندڕەوەی تورکی دەکات کە(پارتی کۆماری گەلە"کە بەدووریشی مەزانە ئەم گروپەی تورکە توندڕەوەی تورکیە بێتە سەر حوکم مێژووش ئەمەی سەلماندووە بۆ

نموونەش هاتنی (پارتی فەزیلە )بۆسەر حوکم وە گەر بەبیرت بیت چۆنیشیا ن لادان لەسەر حوکم وە هەروەها مردنی لە ناکاوی (تورگات ئۆزال ) کە نەیان هێشت کێشەی کورد بەرەوە پێش بڕوات واش مەزانە دەردی ئۆردوگانیش بەهەمان دەردی ئەمانەی باسم کردن کۆتایی پێبێت.

لە کۆتاییدا ئەم پارچە شیعرەی شاعێری نەتەوەیی حاجی قادری کۆیی پێشکەشت بێت

خاکی جزیر وبۆتان

خاکیجزیروبۆتان,یەعنیوولاتیکوردان

صەدحەیف ومخابن دەیکەن بەئەرمەنستان

وارێگەتان دەبەسرێ عێلانی جافو بلباس

گەرمردوون لەگەرمێن مەمنووعە بچەنەکوێستان

هیوادارم ئەم پارچە شیعەر خۆت لێکی دەیتەوە

لە دیوانی حاجی قادری کۆیی لاپەڕە 85 چاپی 1986 بەغداد

کوردستانی باشور_شاری سۆران

لەکۆتایی مانگی هەشتی 2005 نوسراوە